# ڕۆشنبیری کوردی یا چەواشەکاری !

حەسەن سەیدباقی

ئەمڕۆ، دیدارێك لەگەڵ ڕۆژنامەنووس کاروان عەبدوڵا سازدرا ولە کەناڵی ئاسمانی کوردستانەوە پەخش کرا. بابەتێکی لەسەر جەنگ و پەیامنێران پێشکەش کرد. هەر مرۆڤێك ئازادە چی دەڵێت و چ دەنووسێت، بەڵام کاتێك ڕۆژنامەنوسێك تانە لە پەیامنێرو ڕۆژنامەوانانی تر بدات، بیانداتە بەر گورزی ڕەخنە. گوایە بیری شۆڤێنستی بڵاو دەکەنەوە، وەك بەکرێگیراو ڕەفتاردەکەن، دەبێت خۆ پارێز بێت لە و بیرە گەندەڵە کە مێژوویەکی دوورو درێژە گەلی کوردو گەلانی ناوچەکە پێوەی دەناڵێنن، کەچی ئەم برادەرەش بێ ئەوەی ئاگای لە قسەکانی پێشتری بێت دەیەوێت کورد بەهەمان ئاقاردا ببات و بگرە زیاتریش بیری شۆڤێنستی پیادە بکات. "مواØنی عەرەبی سادە سەردەبڕن، ئێوەش دانیشتوون، . . فراوانکردنی ئەوشەڕە ڕاگەیاندن دەیکات، لایەنی شۆڤێنیە" گوایە ئەمە ڕاگەیاندن و کەنالەکان ڕای دەگەیەنن. سەرەتای جەنگە کە چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە نەبوون!. نازانم لێدوانەکەی ڕامسفیلدی دیوە کە نیازی پاکی لە ناوچەکەدا وورده وورده دەردەکەوێت، هەڕەشە لەسوریا دەکات، گوایە یارمەتی سەربازی"دوربینی شەو" ئێراق ئەدات و ئێران سوپا دەنێرێ، و زۆر شتی شاراوەی تری پشتی پەردە کە کاتی ماوە دەرکەوێ، بەو هیوای زەرەرمەند نەبێت بۆ گەلی کورد. بەڵێ کوشتاری بەکۆی خەڵکی گەر (کورد بێت یاعەرەب) ، هەرکەس پێی هەستێت تاوانەو تاوانباری گەورەش ئەوەیە چاو پۆشی لێدەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەکوژرێن عەرەبن، کوژەرەکانیش کاك ئەمریکا و هاوپەیمانەکانن قەیناکا!!، لەمڕۆدا بەڕای جەنابیان پشتیوانن ڕزگارکەرن نازانم کەی بوونەتە مەسیحی زەمانە، هەرکەس وای بوتایە دەبوو کاکی ڕۆژنامەنووس وای نەفەرموایە، ڤێتنام و خواروی ئەفریکاو لاوس و. . تاد. لەبیر نەکردایە، بەو خێراییە هەرچەند سەدەی خێراییە!!!. واتە ئەی کوردەکان لەهەرکوێ هەن لای دووەم بگرن، ئایا ئەمە لایەنی مرۆڤایەتی لە کوێدایە، کاتێك فاشیستەکەی بەغداد هەڵەبجەی کیمیابارانکرد تاوانی منداڵان و خەڵکی ئەم دەڤەرە لەکوێدا بوو. ئایا ئەو مرۆ دۆستانە لەکوێ بوون، بۆ کەس لەسەرمان نەهاتە جواب. ئەمڕۆش گۆڕانکاریەکان ناوچەکەی گرتووەوەتەوە، دەبێت کورد بەوردی ڕەفتار لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، لایەنی سۆز بەر بداو واقیعیانە بیربکاتەوە، یەك دەنگ یەك ڕابن بۆ دابێن کردنی مافە نەتەوایەتیەکان، بەبیری شۆڕشگێڕی و مرۆڤایەتی، کورد لە هەموو گەلانی ناوچەکە زیاتر ئاسەواری شەڕو ئەنفال و کوشتاری بەکۆی پێوەیە. ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ گومانی تێدا نییە تاوانەکەی سەددامی خوێنڕێژە. دیسان بۆش و هاوپەیمانەکانیش کەم نین تێیدا. ڕژێمە عەرەبیەکان سەرکوتکەرو دیکتاتۆرن، هەروەك جەنبیان دەڵێت "ڕاستەوخۆ یانا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوپەیمانەکانن، بەڵام وانیشان ئەدەن هاریکاری شەعبی عێراقن نەك سەددام" ئەمە زۆر ڕاستە! نەك وەك ئەوەی تۆ بە پێچەوانە تەفسیری لێدەکەی نموونەی زیندومان کوەیتە. ئەم برادەرە پێی ناخۆشە بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بڵێن" هێزی داگیرکەر، تەفروتوناکەر، دەست بەسەراگرتن" ئەی کاکی برا ناوی چی لێبنێن، سبەی گەر سوپای تورك بێتە کوردستان بەهەر بیانوویەکەوە بێت، ناوی لێدەنێیت چی؟ با کەمێك بە دەرونێکی پاك و

كەلەیەكی ساردەوە سەیری ڕووداوەكان بكەین، هەقی تەواو بدەینە هەر ڕووداوێك و پێشهاتێك. "پەیامنێرەكان دەڵێن لەناو خۆیاندا كێشە هەیەسبەی دەتەقێتەوە" بۆ پێت ناخۆشەچ دەڵێن با بڵێن، گرنگ ئەوەیە كورد چی دەكات و چۆن لەگەڵ پێشهاتەكان دەچێتە پێش؟لەڕاستیدا لەناو هەركۆمەڵگایەكدا كێشەو ململانێ هەیە، كوردیش وەك هەر كۆمەڵگایەكی ڕۆژهەڵاتی بەدەر نییە لە زۆرانبازی و كێشەی ناوخۆ، هەروەك لە سەردەمی ڕابردوودا دیمان و ئاسەواری تا هەنووكەهەرماوە، و ئێستاش بەناوی ئیسلامی و لەژێر زۆر ناوی تردا، كێشە لەناوچەكەدا قوت بووەتەوەو دەبێتەوە، ئەوە ڕاستیەو نابێت لێی بترسین. "پەیامنێرەكان دەڵێن دەبێتە دەوڵەت، خەتەر بۆ دەوروبەر دروست دەكات، . . تا هەڵوێستی توركیا بجوڵێنن، استفزاز بكەن تا سوپای تورك بێتە ژوورەوە" براڵە توركیا دەمێكە، لە زۆر كۆنەوە دژی كوردەو دان بەبونی نزیكەی ٢٠ ملیۆن كورد لەباكوردا"توركیا" نانێت. لەسەردەمی ئەجەویدا لەكاتی سەردانی ئەمریكایدا، داخوازی دانەمەزراندنی (كیانێك) دەوڵەتێكی كوردی، و پاراستنی بەرژەوەندیەكانی لە كەركەك و موسڵدا بوو لە ئەمریكیەكان" هەرچەند ئێستا چەند یەكەیەكیان لە كوردستاندا هەیە، بۆ پێت وایە PMF چیەو ڕۆڵی چی دەبینێ لە كوردستان؟ بەڕێزیان لە ڕاگەیاندنی پارتێكدا كار دەكات، ئەمڕۆ لە حاڵی ئامادە باشیدان لە دژی هەر دەستێوەردانێكی توركی، هەروەك سەرۆكی پارتی بەڕێز مەسعود بارزانی ڕایگەیاند، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هاتنە ژوورو دەستێوەردانی توركیادا نییە و نابێت. ئەمە لە لایەك، لایەك بەرەی توركمانە كەلە كوردستاندان و داوای هاریكاری سوپای تورك دەكەن، ئەمە دوو هاوكێشەی زۆر لێك جیان. بەڵام ئەم بەڕێزە ئەو ڕاستیە نا بینێت، لەبەر ئەوەی خۆی لایەنگری بەرەی شەڕە، هەركەس لەگەڵی نەبوو چەواشەكارە و خزمەتی دیكتاتۆر دەكات، نایەوێ ڕاستیەكان كەس بی زانێت وەك گەلی ئەمریكی بێ ئاگا بن لە ڕاستی ڕووداوەكان. هەروەك قسەی سەرۆكی زلهێزەكان "ئەوەی لەگەڵمان نەبێت دوژمنە". هیوام وایە كورد هەروەك چۆن مرۆ دۆست بووە وا بمێنێتەوەو هەر چەواشەكاریەكیش لەژێر هەر باڵ و ناو نیشانێكدا بێت ریسوایكات.

ئەڵمانیا

٢٠٠٣/٣/٢٨

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣